# دامەزراندنی حیزبی تەقوایی چەپی عیراق پیداویستیە بۆ کێ؟

## عادل ئیبراهیم

کاك نەوزاد خالد بە شەوق‌و رەونەق‌و پەرۆشەوە باوەشی گەرمی بۆ پیشوازی لە حیزبی تەقوایی چەپی عیراق کردەوە، دیارە نیازو ویست‌و حەزو نیگەرانی چەندین سالەی دەرونی خۆی لە کانیاوی ووشکی ئەو حیزبەدا پەیداکرد. هەزار جار پیروزت بیت هەروا لە کەیف سەمادا بیت.

کاك نەوزاد بە قەولی خۆی چەندین سالە بێ ئومیدەو بیزاریشە لە رابەرانی کە تەنها خەریکی ئەوەن رەسمەکانی خۆیان هەلدەواسن‌و بلاوی دەکەنەوە، چاوی بەرایی نایەت بەو رەسمانەدا بروانیت‌و نەفرەیتان لێ دەکات، دیارە کەسانێ قەولیان پیداوە ئیتر رەسم بلاوناکەنەوەو بەبێ ئەوەی کەس پییان بزانێ‌و بە نهینی شۆرشی سوشیالستی بۆ بەرێ دەخەن!. ریگایەکی سالم‌و ئنسانی‌و بێ‌عەزیەتە.

بۆیە ئەو حیزبە هیواو ئارەزوەکانی کاك نەوزادە، تەنها لەبەر ئەوەی ئەو حیزبە بە ریکەوت بە حەزی کاك نەوزاد دامەزراوە ئیتر بۆتە هیوای دلی هەزاران لەوانەی بەدوای دنیایەکی باشترەوەن.

من ئەتوانم تەنها پەیمانیك لەگەل کاك نەوزاد ئیمزا بکەم، گەر تا ماوەی یەك سالی تر لە عیراق‌و ئیران‌و ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستداو تەواوی جیهاندا توانی پینج سەد ئیمزا کۆبکاتەوە بەوەی ئەو حیزبە ئومیدیان بیت، بەلام بیجگە لە ئەندامانی حیزبی تەقوایی ئیران. ئەوە من پینج سەدو یەك دەبم بۆ هەمیشە لە خزمەتی ئەو حیزبەو کاك نەوزادا دەبم.

کاك نەوزاد واقع‌و خەیال زۆریان فەرقە، فەرقی رەخنەی کریکاری‌و بیزاری دەرونیش قەباعەتیکی گەورەیە. شیعاری پەلەش نەخۆشی گەورەی بەدواوە دیت.

ئەمرۆ 2004/10/23

تا رۆژی 2004/10/23